## سەرۆك كۆمار ئامادەی قەداسەكی جەژنی قیامە بوو



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ یەكشەممە 31-3-2024 لە بەغداد ئامادەی قەداسەكی تایبەت بە جەژنی پیرۆزی قیامە بوو، كە كاتدرائیەی قەدیس یوسف رێكیخستبو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک كۆمار رایگەیاند لەو رێوڕەسمەدا، سەرۆك كۆمار پیرۆزبایی جەژنی قیامەی لە مەسیحییەكان كرد و ئومێدی ئاشتی و چاكە و خۆشەویستی بۆ خواستن.

هەروەها سەرۆك كۆمار دوپاتیكردەوە، گەلی عێراق بەهۆی رژێمی تۆتالیتاری و تاقمی تیرۆریستی و تاوانەوە، بە هەلومەرجی سەختدا تێپەڕیون. هەربۆیە داوای یەكگرتوویی نیشتمانی و یەكێتی گەلی كرد لەسەر بنەمای بەهاكانی خۆشەویستی و دادپەروەری و یەكسانی.

